سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی
مركز الدراسات المستقبلية
Center For Future Studies

رانانی ئایندەیی ژمارە (٢)

# پرسە دژوارەکانی هەرێمی کوردستان و ئایندەی چاکسازییان

## ڤایرۆسی کۆرۆنا و ئاسایشی تەندروستی، کۆنگرەکان و دیموکراسیی ناوخۆیی پارتە سیاسییەکان

ئازار ٢٠٢٠

www.centerfs.org

## - پرسە دژوارەکانی هەرێمی کوردستان و ئایندەی چاکسازییان
## - ڕانانی ئایندەیی ژمارە (٢)

## - توێژەران: د.یوسف گۆران، د.ئومێد رفیق فتاح، د.عابد خالد رسول، د.هەردی مهدی میکە

## - سلێمانی - هەرێمی کوردستان
## - ئازار ٢٠٢٠

---

### سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی
سەنتەرێکی توێژینەوەی زانستیی ناحکومییە دامەزراوە بۆ سوودی گشتی

**ئامانجەکانی سەنتەر:**

١. پاڵپشتیکردنی پرۆسەی لێکۆڵینەوەی زانستی وهاندانی پسپۆر ولێکۆڵەران بۆ ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە و بەدواداچون بۆ ئەو بابەتانەی بایەخدارن بۆ پسپۆڕییەکانی ئاینەدەزانی ستراتیژی وسیاسەتی گشتی و دەرەکی.
٢. بەشداریکردن لە پێشکەوتن و پەرەپێدانی فەلسەفەی لێکۆڵینەوەی زانستی لە هەرێمی کوردستاندا.
٣. پێشکەشکردنی ڕاوێژی زانستی و شارەزایی لێکۆڵینەوە بە دەزگا حکومییەکانی هەرێم.
٤. پێشکەشکردنی ڕاوێژی زانستی و شارەزایی لێکۆڵینەوە بە کەرتی تایبەت و دەزگا نا حکومییەکانی هەرێم.
٥. بەشداریکردن لە پەرەپێدانی پرۆگرامی خوێندن لەبوارەکانی پەیوەندیدار بە پسپۆڕییەکانی سەنتەر.
٦. ئەنجامدانی کۆنفراس و سیمیناری زانستی بۆ پشتیوانیکردنی پرۆسەی توێژینەوەی زانستی.
٧. هەماهەنگیکردن لەگەڵ سەنتەرە حکومی وناحکومییەکانی لێکۆڵینەوەی زانستی لەناوخۆ و دەرەوەی هەرێمی کوردستان و ناوخۆ ودەرەوەی عێراق لەپێناو گواستنەوە و ئالوگۆڕکردنی بیروڕا و شارەزایی زانستی.
٨. بەدواداچوون و پێوانەکرنی ئاڕاستەکانی رای گشتی بۆ ئەو بابەتانەی جێگەی بایەخی هاووڵاتیانن.
٩. ڕاهێنان و پێگەیاندنی توێژەر لەبواری پسپۆڕییەکانی سەنتەردا.
١٠. کارکردن لەسەر ئەو پرس و دۆزە ستراتیژییانەی کە تائێستا لە کوردستاندا بەشێوەیەکی زانستی وبەپێی پێوەرە ئەکادیمییەکان کاریان لەسەر نەکراوە.

**چالاکییەکانی سەنتەر:**

١. نوسین و ئەنجامدانی لێکۆلینەوەی زانستی و پۆلیسی پەیپەر وکتێب وبڵاوکردنەوەیان.
٢. ئەنجامدانی کۆنفرانس وکۆنگرەی زانستی وکۆڕ و سیمینار.
٣. دەرکردنی گۆڤارێکی ئەکادیمی مەحکەم ومتمانەپێدراو.
٤. ئەنجامدانی چاوپێکەوتن وبەرنامەی میدیایی.
٥. وەرگێرانی کتێب و جۆرناڵ وبڵاوکردنەوەی سەرچاوەی بیانی پەیوەندیدار بە پسپۆڕییەکانی سەنتەر.
٦. سودوەرگرتن لە هۆیەکانی ڕاگەیاندن بەگشتی وئەنجامدانی ڕاپرسی بۆ ئاڕاستەکانی ڕای گشتی.
٧. کۆکردنەوەی داتا وزانیاری لەسەر کایەکانی سیاسەتی گشتی لە هەرێمی کوردستان وشیکردنەوە و بڵاوکردنەوەیان.

---

# پرسە دژوارەکانی هەرێمی کوردستان و ئایندەی چاکسازییان

## ڤایرۆسی کۆرۆنا وئاسایشی تەندروستی، کۆنگرەکان ودیموکراسیی ناوخۆیی پارتە سیاسییەکان

### پێرستی تەوەرەکان

تەوەری یەکەم: ئاسایشی تەندروستیی هەرێمی کوردستان
لەبەردەم هەڕەشەی ڤایرۆسی کۆرۆنادا　٣

تەوەری دووەم: کێشەی دیموکراسیی ناوخۆیی پارتەکانی هەرێمی کوردستان:
(گۆنگرەی یەکێتی وەک نمونە)　٦

تەوەری سێیەم: یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان پاش هەشت کۆنگرە،
قۆناغی بەرزەخی　١٠

# سەرەتا

ئەم ڕۆژانە، جیهان و هەرێمی کوردستان و هێزەکانی، لەگەڵ چەند هەڕەشەیەکی جیهانی (ڤایرۆسی کۆرۆنا) و پرسی سیاسی و ئاڵوگۆڕیی ناوخۆیی لە پارتە سیاسیەکاندا (کۆنگرەی حزبیی و دیموکراسییەتی ناوخۆیی) ڕووبەڕوو بووەتەوە، بەجۆرێک هەریەکە لەمانە کاریگەریی لەسەر ئایندەی هەرێم و ڕەفتاری سیاسیی هێزەکانی دەبێت، هەریەک لەم پرسانەش ڕاستەوخۆ پەیوەست دەبنەوە بە ئاسایشیی تەندروستی و ئایندەی سیاسیی هەرێمی کوردستانەوە، لە ڕانانی ئایندەیی ئەم ژمارەیەدا، ئەم پرسە سەرەکیانە شرۆڤە کراوون و هەڵوەستەیان لەسەر کراوە، کەم تا زۆر لەبارەی سیناریۆ ئایندەییەکانی پەیوەست بەم پرسانە و کاریگەرییان لەسەر هەرێم و دۆخی هێزە ناوخۆییەکان خراوەتە ڕوو.

## تەوەری یەکەم: ئاسایشی تەندروستی هەرێمی کوردستان؛ لەبەردەم هەڕەشەکانی ڤایرۆسی کۆرۆنادا

بیروڕاکان سەبارەت بە چەمکی 'ئاسایشی تەندروستی' هاوڕا نین، بە بڕوای هەندێک، "چەمکێکی سیاسییە" بەو پێیەی ڕەهەندێکی ئاسایشی نیشتمانییە، ئەمەش لەو ڕوانگەیەوە دێت کە (ئاسایشی نیشتمانی) توانای ڕووبەڕووبونەوەی دەوڵەتە بۆ هەموو هەڕەشە و مەترسییە ناوخۆیی و دەرەکییەکان، بەڵام هەندێکیتر پێیانوایە 'ئاسایشی تەندروستی' چەمکێکی مرۆییە، لەو ڕووەوە کە ڕەهەندێکی ئاسایشی مرۆییە، چونکە (ئاسایشی مرۆیی) ئاستێکی گرنگی زامنکردنی مافەکانی مرۆڤە و دەبێت پاراستنی ژیانی مرۆڤ لە هەموو هەڕەشە ناوخۆیی، دەرەکییەکان و دابینکردنی پێداویستییەکانی مانەوەی بەپلەی یەکەم، چەقی سەرجەم سیاسەت و چالاکییەکانی دەوڵەت بێت.

ئەم مشتومڕە تیۆرییە هەرچییەک بێت، ئێستا چەمکی ئاسایشی تەندروستی، یەکێکە لە پێوەرەکانی دەستنیشانکردنی توانای وڵاتان بۆ دابینکردنی ژیان و ژینگەیەکی تەندروست بۆ هاوڵاتیان، لەگەڵ پێوانەکردنی توانای وڵاتان بۆ ڕووبەڕووبونەوەی هەموو ئەو مەترسییانەی دەکرێت هەڕەشە لەسەر ژیانی مرۆڤ دروستبکەن، هەر لە نەخۆشییە درێژخایەن و درمەکانەوە تا پیسبوونی ژینگە و کارەساتە سروشتییەکان. پرسیار لێرەدا ئەمەیە: ئایا دۆخی ئاسایشی تەندروستیی هەرێمی کوردستان لە چ ئاستێکدایە؟ هەرێم توانای دابینکردنی ئەم جۆرە ئاسایشەی هەیە؟ بەتایبەت لەم کاتەدا کە ئەگەری دووچاربوونی بە هەڕەشەیەکی وەک (ڤایرۆسی کۆرۆنا)وە بووەتە ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگر.

**دۆخی ئاسایشی تەندروستی هەرێمی کوردستان:**

بۆ دڵنیابوون لە دۆخی ئاسایشی تەندروستی هەرێم، پێویستە لەوە دڵنیابین کە: ئاخۆ هەرێمی کوردستان خاوەنی سیستەمێکی تەندروستی وایە کە بتوانێت ئاسایشی تەندروستی بۆ هاووڵاتیانی

دابین بکات، لەو ڕوانگەیەوە کە "سیستەمی تەندروستی" کۆی ئەو سیاسەت و ئامراز و پێداویستییە مادی و مرۆییانەیە کە وڵاتێک بۆ هێنانەدی ئاسایشی تەندروستی دەیخاتەگەڕ، وەک: داڕشتنی سیاسەتی تەندروستی گونجاو، دابینکردنی دارایی بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتەکان، دابینکردنی دەرمان و کەرەستە پزیشکییە پێویستەکان بۆ کاتە ئاسایی و ناکاوەکان، چۆنێتی چاودێریکردنی کواڵێتییان و گەیاندنیان وەک خزمەتگوزاری تەندروستی بە هاوڵاتیان، باش بەڕێوەبردنی دەزگا تەندروستییە حکومی و ئەهلییەکان و چاوێریکردنیان بە پێی پێوەرە جیهانییەکان، بوونی سیستەمێکی زانیاریی و هەواڵگری تەندروستی نوێ بۆ کۆی پرۆسە تەندروستی و پزیشکییەکان و ئاڵەنگاری و هەڕەشەکان هەر لە ڕووبەڕووبونەوەی نەخۆشییە درمەکانەوە تا کارەساتە سروشتییە لەناکاو و پێشبینی نەکراوەکان و...تاد.

ئەوەی جێی نیگەرانییە سیستەمی تەندروستیی هەرێمی کوردستان بە ڕەچاوکردنی ئەو ڕەگەزانەی سەرەوە، لە ئاستێکی باشدا نییە و پێشبینی ئەوەی لێناکرێت بتوانێت بە ڕادەی پێویست پێداویستییەکانی هێنانەدی ئاسایشی تەندروستی بۆ هاوڵاتیانی دابین بکات، ئەمەش بە بەراوردکردنی ئاستی "هەڕەشەکانی سەر ئاسایشی تەندروستیی هەرێم" و "تواناکانی ڕووبەڕووبونەوە"ی ئەو هەڕەشانە دەردەکەوێت.

**- هەڕەشەکانی سەر ئاسایشی تەندروستیی هەرێمی کوردستان**

لەسایەی ئەو پێوەرانەی کە ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی بۆ گرتنەبەری سیستەمێکی تەندروستی ستاندارد لە وڵاتێکی پێشکەوتودا دیارییکردوون، دەتوانین ئاماژە بۆ گرنگترینی ئەو هەڕەشانە بکەین کە دەکرێت لە ڕووی تەندروستیی و ژینگەوە ڕووبەڕووی هەرێمی کوردستان ببنەوە:-

١- توانا مرۆییەکان: بەپێی ئەو ژمارانەی بەردەستن، ئەگەر پارێزگای سلێمانی وەك نمونە وەربگرین، پێویستی بە (٢٥,٠٠٠) کارمەند و ستاف و پزیشکی پسپۆڕ هەیە، بە تایبەت لە پسپۆڕێتی وورد و دەگمەندا، بەڵام لە ئێستادا ژمارەکە نزیکە لە نیوە و تەنها (١٣,٠٠٠)ە، بەشێکی زۆر لەم ستافەش ئەو ستافە نین کە لە ڕووی توانای مرۆیی پزیشکییەوە ڕاهێنرابن تا لە کاتی هەڕەشەکاندا سودییان لێ ببینرێت.

٢- ژێرخانی پزیشکی: بە ئەندازەیەك کەموکورتە بە ئاستی زیانەکانی ڕوودانی کارەساتێك، یان بڵاوبوونەوەی پەتایەکی مەترسیداری تەشەنەکەر، بەراوردکردنی نائومێدکەرە.

٣- ناتوندوتۆڵیی چاودێریی تەندروستی: ئەمەش لە ئەدای ناجۆری دەزگا تەندروستییە حکومی و ئەهلییەکان و ساغکردنەوەی جۆرەها دەرمانی کواڵێتی خراپ و ئاشکرابوونی چەندین باند و مافیای دەرمان و بازرگانیکردنی نادروست بە تەندروستی و ژیانی هاوڵاتیانەوە، وێڕای پیسی ئاوی خواردنەوە و زیادبوونی سەرچاوەکانی پیسبوونی ژینگەی سروشتی هەرێم، دەردەکەوێت.

٤- نەبوون یان لاوازی متمانە: هەڕەشەیەکی مەترسیدارە کە لە سێ هۆکارەکەی پێشەوە سەرچاوەی گرتووە و بووەتە هۆی لەناوچوونی ئەو پردی پەیوەندییەی کە دەبێت لە نێوان هاوڵاتیان

و کەرتی تەندروستی گشتی و تایبەتدا هەبێت، لە هەرێمی کوردستان بەشێکی کێشەکە کەمی ڕێژەی متمانەی هاوڵاتیانە بە سیستەمی تەندروستی، کە ڕادەی پابەندبوونی بە ڕێنمایی و ئەرکە تەندرووستییەکانی هەر هاوڵاتییەکی هێناوەتە خوارەوە.

٥- لە هەرێمی کوردستان ئەوەی فەرامۆش کراوە و برەوسەندوو نییە و پشتگیری ناکرێن، سەنتەرەکانی توێژینەوەی پزیشکی و کیمیاگەری و بایۆلۆجیین، وێڕای نەبوونی هیچ دامەزراوەیەکی نیشمانی بۆ ڕووبەڕووبونەوەی مەترسییە بایەلۆجییە گواستراوەکان کە بەردەوام هەڕەشەیەکی جیهانین و پێویستە بەردەوام پلان و ئامادەباشی بۆ چاودێری و ڕوبەڕووبونەوەیان هەبێت، هەموو ئەمانە دامەزراوەی گرنگن و دەبێت لەلایەن حکومەتەوە دابمەزرێنرێن و پشتگیریی بکرێن، هەروەها دەبێت کەرتی تایبەت بۆ گرنگیدان بە سەنتەرەکانی توێژینەوەی پزیشکی و کیمیاگەری و بایۆلۆجیی هانبدرێت. بەڵام ئەوەندەی تا ساڵی 2013 یاسای بودجە لە کوردستان ئامادە دەکرا، هیچ بەشە بودجەیەك بۆ ئەم سەنتەر و دامەزراوانە تەرخان نەکرا بوو.

٦- وێڕای ئەو هەڕەشانەی باس کران، چەندین هەڕەشەیتر هەن وەک: نەبوونی هۆشیاریی تەندروستی لای حکومەت و هاووڵاتیان، تێکەڵاوی سیستمی کەرتی تایبەت و گشتی، نەبوونی پزیشکی خێزانی و...تاد.

**- تواناکانی هەرێم بۆ ڕووبەڕووبونەوەی هەڕەشەکانی سەر ئاسایشی تەندروستی**

هەڕەشەکان لەسەر ئاسایشی تەندروستی لە تواناکان گەورەترن، ئەوەی پشتی پێ دەبەسترێت، بوونی هەندێك توانای کەسی و پسپۆڕی دەگمەنە، هەروەها خاڵی گرنگ پەیوەستبوونی تۆڕی تەندرووستیی جیهانی بە تۆڕی تەندروستیی هەرێمی کوردستانەوەیە، خاڵی تری ئەرێنی ئەوەیە تا ئێستا ژینگەی کوردستان بە بەراورد بە ژینگەی وڵاتانیتر پاکژترە، کە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە هێشتا کوردستان ژینگەی کارکردنی پیشەسازیی بەو ئاستە فراوان نیە.

**- ئایندەی ئاسایشی تەندروستی هەرێم لەبەردەم هەڕەشەی ڤایرۆسی کۆرۆنادا**

لە ڕوانگەی ئەوەی هەرێمی کوردستان بە پێوەری ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی، لەو وڵاتانەیە کە سیستەمی تەندروستی زۆر لاوازە، بۆیە لەبەردەم ئەم دوو سیناریۆیەداین:

١- لەبەرئەوەی لەسەرەتای نزیکبوونەوەی هەڕەشەی ڤایرۆسەکەدا وەزارەتی تەندروستی زوو ڕێکارەکانی خۆپارێزی گرتەبەر بەرمەبنای ئەوەی کە هەرێم لەخۆپارێزیدا دەتوانێت کاراتر بێت تا چارەسەر، هەروەها بەگریمانەی لاوازبوونی ڤایرۆسەکە لەگەڵ هاتنی وەرزی گەرمادا، دەکرێت پێشبینی ئەوە بکرێت هەرێمی کوردستان بتوانێت تارادەیەکی باش ئاسایشی هاوڵاتیان بە هاوکاری گۆڕانی ژینگەیی بپارێزێت.

٢- لەبەرئەوەی ئامادەکارییەکان لە ژێرخانی تەندروستی و کۆنترۆڵکردنی پەیوەندی لەگەڵ ئەو وڵاتانەی سەرچاوەی ڤایرۆسەکەن بەتایبەت (ئێران) وەکو پێویست نیە، ئەگەری هەڕەشەی ڤایرۆسی کۆرۆنا فراوان و مەترسیدارە، بۆیە دەکرێت پێشبینی ئەوە بکرێت کە ئەم سیستەمە تەندروستییەی هەرێمی کوردستان توانایی ڕووبەڕووبونەوەی ئەو هەڕەشە گەورەیەی وەک پێویست نیە.

# تەوەری دووەم: کێشەی دیموکراسیی نێوخۆیی پارتەکان لە هەرێمی کوردستان

# (کۆنگرەکانی یەکێتی و یەکگرتوو بە نموونە)

**یەکەم: کۆنگرەی چوارەمی یەکێتی**

هەرچەندە کۆنگرە وەك میکانیزم و میراتێکی سیاسی لەنێو پارتەکاندا، بۆ نوێبونەوە و شەرعییەتدان بە سەرکردایەتی وسیاسەت وپێکهاتەو دامودەزگاکانی حزب بەشێوەیەکی دیموکراسیانە ئامرازێکی باو و پێویستییەکی سیاسی بووە، بەڵام لە کولتووری سیاسیی رۆژهەڵات و بەتایبەت رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، پابەندییەکی ئەوتۆی بە کات و رێوشوێنە دیموکراسی و شەفافانەی بەستنی کۆنگرەکانەوە نەبوە. ئەم ڕاستییە بۆ کوردستان و پارتە سیاسییەکانی(لەناویشیاندا یەکێتی نیشتمانی کوردستان)، تا ئاستێکی زۆر دروست و سەلمێنراوە. هەر ئەمەشە وایکردووە یەکێتی لە مێژووی ٤٥ساڵەیدا، تەنها چوار کۆنگرەی بەستوە و هەموو کاتێك درەنگ کەوتووە و نیگەرانی و تورەیی بەدوای خۆیدا هێناوە.

**- پێودانگە گشتییەکانی(محددات) کۆنگرە چوارەمی یەکێتی:**

**١- پێودانگە دەرەکییەکانی حزب**

ئاشکرایە شێوەی رێکخستنی ژیانی حزبی لە زۆربەی سیستمە دیموکراسییەکان بە دەستور یاسا و رێنمایی رێکدەخرێت. یاسای پارتە سیاسییەکانی عێراقی ساڵی ٢٠١٧، سەرجەم پارتە سیاسییەکانی ناچار کردوە تا دەربارەی کاتی بەستنی کۆنگرە، پابەندی پەیرەوی نێوخۆی پەسەندکراوی حزبەکەیان بن و هەروەها سزای بەسەر ئەو پارتانەشدا دیاریی کردووە کە پێشێلی پێرەو دەکەن. لەیاساکەدا رێگە لە خۆکاندیدکردنی ئەفسەرە باڵاکانی بۆ پۆستە حزبییەکان گیراوە. هەر لەبەر ئەوەش بوو پاش دەرچونی ئەم یاسایە سەرجەم پارتە سیاسییەکان پابەند کران خۆیان لەگەڵ ئەم یاسایەدا بگونجێنن و هۆکارێکیش بوو بۆ گوشارخستنە سەر یەکێتی بۆ بەستنی کۆنگرە لە مانگی ١٢ی ٢٠١٩.

**٢- پێودانگە ناوخۆییەکان**

پەیڕەوی ناخۆی پەسەندکراوی کۆنگرەی سێی یەکێتی ٢٠١٠ یەکێتی، پابەند کردوە کە هەر سێ ساڵ جارێك کۆنگرە ببەستێت و تەنها بۆ یەکجار (بۆ ماوەی سێ تا شەش مانگ) مافی دواخستنی کۆنگرەی هەیە، بەپێچەوانەوە سەرکردایەتی شەرعییەتی خۆی لەدەست دەدات، واتە بەپێی پەیرەو دەبوایە کۆنگرەی یەکێتی لەسەرەتای ساڵی ٢٠١٤دا ببەسترێت. هەرچەندە ئەم پەیرەوە نەیتوانی رێ لە دواخستنی کۆنگرە بگرێت، بەڵام کارتێکی بەهێز بوو بەدەست خوازیارانی کۆنگرە و کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی عێراقەوە.

لەلایەکیترەوە کێبرکێی ناوخۆیی باڵەکانی نێو یەکێتی، هۆکارێکیتری شێوە و کاتی بەستنی کۆنگرە بوو، بە تایبەت پاش نەخۆشکەوتنی سکرتێری گشتی (جەلال تاڵەبانی) و دروستبوونی بۆشایی لە ترۆپکی سەرکردایەتیی یەکێتیدا، ئەم راستییە لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠١٣ی هەرێمدا بە ئاشکرا

ڕەنگی دایەوە، وەک بینرا لەو هەڵبژاردنەدا یەکێتی شکستی هێنا و بوو بە هێزی سێیەم و وەپاش بزوتنەوەی گۆڕان کەوت. شاراوە نیە کە هۆکارێکی بەهۆی ململانێ نێوخۆییەکانیەوە بەشێکی دیاری سەرکردایەتیی یەکێتی ئامادەی بەشداری هەڵمەتی هەڵبژاردنیش نەبوون، کە دواجار دەرئەنجامە خراپەکانی هەڵبژاردنەکە هۆکارێکی سەرەکی ترس لە بەستنی کۆنگرە بوو.

دوورکەوتنەوەی مام جەلال و بۆشایی سەرکردایەتی، ململانێی نێوخۆیی سەرکردەکان، شکستەکانی هەڵبژاردن، پاشەکشێی سیاسی و دەسەڵاتداری لەسەر ئاستی کوردستان و لەدەستدانی شەرعییەت بەپێی پەیڕەو، سەرجەمیان هۆکاری دروستبوونی ناڕەزایی و نیگەرانی زۆر بوون و سەرەنجام بەهۆی زیاتر دواخستنی کۆنگرە، هەژموونی نەوەیەکی گەنجی سیاسی ئارەزومەند بۆ گۆڕینی بەربژێری سیاسی لە نێو یەکێتیدا بەهێزبوو، دوا کۆنگرەش بەهێزترین ئامرازی جێبەجێکردنی ئەم ئارەزوو و ویستە بوو.

- **پڕۆژەکانی پێش کۆنگرە**

پێش بەستنی کۆنگرە چەندین پڕۆژە، کە گوزارشتی لە ڕاوبۆچونی کەسایەتی و باڵە جیاوازەکان دەکرد، گەڵاڵە و پێشکەشکران، هەروەها هەوڵی جدیش بۆ گەڵاڵەکردنی پڕۆژەیەکی گشتگیر کە جێی ڕەزامەندی زۆربەی لایەنەکان بێت، درا.

بۆ سەرکەوتنی هەر پڕۆژەیەك سێ مەسەلەی سەرەکی دەبوو دەبوو لە هەر پڕۆژەیەکدا لەبەرچاو بگیرانانیە و هەر پڕۆژەیەك چارەسەری بۆ بدۆزیتایەتەوە، ئەوانیش: مەسەلەی پەیکەری نوێی یەکێتی، پێگەی سەرکردە دێرینەکان لە ئاییندەدا و ترۆپکی سەرکردایەتی.

سەبارەت بە مەسەلەی پەیکەری سەرەکی یەکێتی، بیرۆکەی دروستکردنی شێوەیەك لە پەرلەمانی حزبی کە دەسەڵاتی جێبەجێکردن دیاری دەکا، گەڵاڵە کرا، ئەم بیرۆکەیە بۆ پێش کۆنگرەی سێی٢٠١٠ دەگەڕێتەوە، بەڵام ئەوکات نەتواندرا لە کۆنگرەدا بچەسپێنرێت و ناچار بۆ ئەنجومەنی ناوەند گۆڕدرا، دواتر هەمان بیرۆکە بەڵام بە دەسکارییەکی زۆرەوە لە کۆنگرەی چوار پەسەندکرا، کە تیایدا کۆنگرە تەنها سەرکردایەتییەکی گشتی(پەرلەمان) هەڵبژێرێت، پاشان ئەنجومەنەکە و دەستەی جێبەجێکردن(مەکتەبی سیاسی) سەرۆکی حزب هەڵبژێردرێن، هەموو کاتێکیش سەرکردایەتی توانای گۆڕینی سەرجەم ستافی مەکتەبی سیاسی و سەرۆکایەتی دەبێت. ئەم پڕۆژەیە بەزۆرینە لە کۆنگرە پەسەند کرا، بەڵام پێداچوونەوەی پەیڕەو بە بڕیاری کۆنگرە بۆ ئەنجومەنی سەرکردایەتی هەڵبژێردراو بەجێهێڵدرا.

مەسەلەی دووەم ڕۆڵی سەرکردایەتییە دێرینەکانی یەکێتی، یەکێك بوو لە خاڵە سەرەکییەکانی ناکۆکی، پێش کۆنگرە بیرۆکەی دروستکردنی "ئەنجومەنی دانایان" یان "ئەزمونگەران" یا "باڵای سیاسی" بە ئاشکرا گفتوگۆ دەکرا، مێژووی ئەم بیرۆکەیەش کۆنە و بۆ ساڵانی ٢٠١٣-٢٠١٤ دەگەڕێتەوە و لەو کاتەوە بوو بەبەشێك لە دیبەیتی سیاسیی یەکێتییەکان. بەڵام کێشەی سەرەکی لە بوونی ئەنجومەنەکەدا نەبوو بەڵکو لە دەسەڵاتەکانیدا بوو. هەرچەندە لە کۆنگرەدا بڕیار نەبوو کە جگە لە سەرۆکەکەی ناوی کەس دیاری بکرێت، بەڵام سەرەنجام بە ناو دەستنیشان کرا و کێشە سەرەکییەکە کە دەسەڵاتەکانی بوو سەرەڕای دیبەیتێکی چڕ، بەڵام دیاری نەکرا و بە چارەسەر

نەکراوی مایەوە و پاشتر بە پێی بڕیاری کۆنگرە بۆ لیژنەی هاوبەشی سەرکردایەتیی نوێ و ئەنجومەنەکە جێهێڵرا. ئەم بابەتە، بەو مانایە دێت کە دەسەڵاتی ئەنجومەنی باڵای سیاسی، هێشتا چارەسەر نەکراوە.

سەبارەت بە مەسەلەی سێیەم کە هەستیار و گرنگترینیانە، سەرۆکایەتیکردنی یەکێتییە، ئاشکرایە ئەم کێشەیە هەرچەندە لەسەردەمی جەلال تاڵەبانی (جگە لەکاتی سەرهەڵدان و کاریگەرییەکانی دەرکەوتنی بزوتنەوەی ریفۆرم)، بوونێکی ئەوتۆی نەبووە، بەڵام پاش نەخۆشکەوتنی تاڵەبانی و پاشتریش کۆچی یەکجاریی ناوبراو، بە توندی سەریهەڵدا. ڕەنگە یەکێك لە هۆکارەکانی زەقبوونەوەی کێشەکە بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە تاڵەبانی باوك هیچ بیر و پلانێکی بۆ جێگرەوەی خۆی، نە لەنێوبنەماڵەکەیدا و نە لەنێو سەرکردەکانیتردا نەبووە. بۆیە کاتێك تاڵەبانی کاریگەری لەسەر گۆڕەپانی سیاسی و حزبی یەکێتی نەما، پلانێکی ئامادەکراو لە ئارادا نەبوو و ئەگەرەکانیش کراوە بوون.

سەرکردە دێرینەکانی یەکێتی، (ئەوانەی لەسەردەمی پێشمەرگایەتیدا باڵادەست بوون) ئارەزووی جێگرەوەی تاڵەبانییان هەبوو، بەڵام لەناو سەرکردایەتیدا کۆدەنگی لەسەر یەك سەرکردە لە ئارادا نەبوو. لەو ماوەیەدا مەسەلەی ململانێ ناوخۆییەکان تێکەڵ بەمەسەلەی جێگرەوەی تاڵەبانی بوو. لەو ڕوانگەیەشەوە بۆ جێگرەوەی تاڵەبانی هەر دەبوایە کۆنگرە ببەسترێت، هەموو لایەکیش دەیویست پێش بەستنی کۆنگرە، مەسەلەکە بە قازانجی خۆی یەکلابکرێتەوە، بۆیە ئەم ململانێیە پرۆژەی بەستنی کۆنگرەی ئاڵۆزتر کرد.

هەرچەند پێش کۆنگرە بیرۆکەی جیاواز بۆ سەرۆکایەتی یەکێتی هەبوو، وەك "دەستەی سەرۆکایەتی" یان "هاوسەرۆکی"، بەڵام بوونی یەك سەرۆك بۆ یەکێتی بۆچونێکی زاڵ و باڵادەست بوو، تەنانەت لە کۆنگرەدا بە ناڕاستەوخۆ کاری بۆ کرا و هەوڵی زۆر درا کە بەرهەم ساڵح (سەرکۆماری عێراق) بەربژێری ئامادەکراوی ئەم پۆستە بێت، بۆیە سەرجەم باڵەکان پشتگیری نەبوونی ڕکابەر و خۆپاڵاوتنیان بۆ سەرکردایەتی کرد، ئەمەش زیاتر وەك هەنگاوێك بۆ پاراستنی ناوبانگی و دوورخستنەوەی بوو لە مەترسییەکانی ڕکابەریکردن و ژمارەی دەنگەکان لێکدرایەوە بۆئەوەی بۆ وەرگرتنی پۆستەکە نەبێتە کۆسپێك. بەڵام بە پێچەوانەی پلان و پێشبینییەکان سیناریۆکانی دوای کۆنگرە سەبارەت بە پۆستی سەرۆکی یەکێتی گۆڕانکاری خێرایان بەسەردا هات.

دەرەنجامی هەڵبژاردنە بەراییەکانی پێش کۆنگرە(کۆمیتە، مەڵبەند ومەکتەبەکان) بەهێزیی باڵی تاڵەبانی لەنێو نەوەی نوێی کادیرانیدا دەرخست، هەربۆیە وەك پێشبینی دەکرا، دەرئەنجامی دەنگەکانی کۆنگرە لە بەرژەوەندی ئەم باڵە یەکلابۆوە. نوێنەرانی ئەم باڵە کە براوەی یەکەم و دووەمی دەنگەکانی کۆنگرە بوون بە مافی خۆیان دەزانی کە پێگە و ڕۆڵیان لە داڕشتی سیاسەتی یەکێتی هەبێت، هەربۆیە داوای پێگەی جێگری سەرۆکی یەکێتییان کرد و بە مافی خۆیانیان دەزانی. پاش چەندین گفتوگۆ لەگەڵ بەرهەم ساڵح کە کاندیدی سەرەکی سەرۆکی یەکێتی بوو نەتوانرا لەسەر بوونی دوو جێگر بۆ سەرۆکی یەکێتی ڕێکبکەون، دواجار مەسەلەی بوونی بەرهەم ساڵح بە سەرۆکی

یەکێتی وەلانرا، سەرقاڵی لە کارەکانی بەغدادیشی هۆکار و پاساوێکیتر بوو چونکە نەدەکرا سەرۆکی یەکێتی بێ جێگرێکی چالاك و گونجاو ئەرکی سەرۆکاتییەکەیدا ڕاپەڕێنرێت.

بەم شێوەیە کشانەوەی کتوپڕی بەرهەم ساڵح لە پرۆسەی سەرۆکایەتیکردنی یەکێتی و نەبوونی کەسایەتییەکی جێگرەوەش کە کۆدەنگی لەسەر بێت وای لە سەرکردایەتی نوێ کرد بیر لە ئەگەرەکانیتر بکاتەوە کە بەهێزترینیان بیرۆکەی "هاوسەرۆکی" بوو. بۆیە هەڵبژاردنی یەکەم و دووەمی براوەکانی کۆنگرەی چوارەم (بافڵ تاڵەبانی و لاهور شێخ جەنگی) وەك چارەسەرێکی واقعی و دیموکراتییانە هاتە بەرچاو و بێ ڕکابەر هەڵبژێردران.

**- ئایندەی پێکهاتەی یەکێتی:**

هەرچەندە هێشتا زووە بڕیار لەسەر پێکهاتەی ئێستای یەکێتی و شێوەی سەرکردایەتیکردنی و کاریگەرییەکانی بۆ ئایندە بدرێت، بەڵام دەکرێت چەند تێبینیەك تۆمار بکرێن:

١- پاش حەوت ساڵ لە قەیران و ململانێ و بۆشایی لە ترۆپکی سەرکردایەتیکردنیدا، دۆزینەوەی ڕێوشوێنێکی دامەزراوەیی پەسەندکراوی کۆنگرە بۆ یەکێتی بەکارێکی ئەرێنییە، گەر ئەم پارتە کەمتر خەریکی کێشە ناوخۆییەکانی خۆی بێت هاوکات سەرکەوتنیشی پەیوەستە بە نمونەی بەڕێوەبردنی هاوسەرۆکییەوە کە مۆدێلێکی نوێیە و پێویستی بە پارسەنگ و لێبوردەیی و شارەزایی سیاسیی و کارگێڕییەوە هەیە.

٢- دوای دوورخستنەوەی بەشێکی زۆر لە سەرکردە دێرینەکان، ئێستا یەکێتی لەلایەن توێژێکی سیاسی گەنجترەوە بەڕێوە دەبرێت، سەرباری خاڵە ئەرێنییەکان بەڵام هێشتا ڕوون نیە ئەم نەوە گەنجە چ دیدێك یان بەرنامەیەکی جیاوازی هەیە کە پێویستە هەر نەوەیەکی گەنج لەگەڵ خۆیدا بیهێنێت. نوێبونەوەی سەرکردایەتی گەر نوێبونەوەی دید و بەرنامە و سیاسەت لەگەڵ خۆیدا نەهێنێت تەنها خولانەوە دەبێت لە بازنەیەکی بەتاڵدا.

٣- مەسەلەی لەدەستدانی دەسپێشخەری و دیدی سیاسی، تێکەڵکردنی بازرگانیکردن بە سیاسەت، ناچالاکی دامەزراوە حزبییەکان و گرنگی نەدان و کەمبونەوەی کادیری نەوعی و هەروەها پەیوەندییەکان لەگەڵ پارتی، گۆڕان، پارتە ئیسلامییەکان، پەکەکە و بەغدا چەند کێشە و مەسەلەیەکی گرنگن و پێویستە سەرکردایەتیی نوێ بە دیدێکی نوێوە مامەڵەیان لەگەڵدا بکات.

٤- بوونی ژمارەیەکی زۆری سەرکردایەتی(١٢٤کەس)، وا دەکات پرۆسەی بڕیاردان تێیدا سەخت و ئەستەم بێت، بەتایبەت بەشێکی زۆریان ئەزمونیان کەمە، بۆیە بە کردەیی دامەزراوەی دەستەی جێبەجێکردن(مەکتەبی سیاسی) کە کەمتر و شارەزاترن چالاکتر دەکات، ڕەنگە لە ئایندەدا پرۆسەی چاودێرییکردنی لەلایەن ئەنجومەنی سەرکردایەتیەوە قورستر بکات.

٥- بۆ بەردەوامیدان بە مانەوەی پردێکی بەسوود لەنێوان نەوەی کۆنی بە ئەزمون و نەوەی نوێی بەتوانا، پێویستە میکانیزمێکی گونجاو چ لەگەڵ ئەنجومەنی باڵای سیاسی و چ لەگەڵ سەرجەم کادیرە دێرینە بەئەزموونەکان بدۆزرێتەوە، چونکە زۆربەی جار دوو مەرجی سەرەکی سەرکەوتن، بەردەوامی(بەهاکان) و نوێبونەوە، لەیەك نەوەی سیاسیدا، گەر نوێش بێت، کۆنابنەوە.

# تەوەری سێیەم: یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان پاش هەشت کۆنگرە، قۆناغی بەرزەخی

یەکگرتوو، لەم ساڵانەدا، لە میانی چەندین پرسی ڕیشەییدا، بە هەڵواسراویی جوڵەی سیاسیی و ئاینی خۆی بەڕێدەکات. ئەم هێزە کە تەمەنی ڕاگەیاندنی چارەکە سەدەیەکی تێپەڕاندووە، بەراورد بە گوتاری هزریی-سیاسیی ڕابردووی، لەنێوان دوالیزمەکانی دین و بانگەوازدا، دنیا و دواڕۆژ، نەتەوەیی و ئوممەی(نێونەتەوەیی) و دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆندا لە دۆخێکی ناجێگیری بەرزەخیدایە، دوا تیرێک کە بەر یەکگرتوو کەوت مۆدێلە دیموکراسییە ناوخۆییەکەی بوو کە ئێستا لەبەردەم پاشەکشەدایە و گومانی زاڵبوونەوەی پاسەوانە کۆنەکان و "بەرەوبنەماڵەییبوون" ئەگەرێکی بەردەمییەتی.

یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان، ڕۆژانی ٢٨ و ٢٩ کانوونی یەکەمی ٢٠١٩، کۆنگرەی هەشتەمی بە ئامادەبوونی ٩٠٠ ئەندام (٢٢،٥٪یان ژنبوون) لە هەولێر گرێدا و تیایدا هەشت خاڵی وەک ستراتیژ وبنەما پەسەندکرد، سێ دەزگای گرنگ بەڕێوەبردن و ئاراستەکردنی سیاسەتەکانی حزبەکەیان لە ئەستۆدایە: ئەمینداری گشتیی، دەستەی باڵای چاودێری وئەنجوومەنی سەرکردایەتی. سەلاحەدین بەهائەدین (لەدایکبووی١٩٥٠-هەورامان) وەک ئەمینداری گشتی بە زۆرینەی ڕەها (بە بەدەستهێنانی ٥٤٦ دەنگ و بە ڕێژەی ٦٢٪) متمانەی کۆنگرەی بەدەستهێنایەوە، ڕکابەرەکەی (ئەبوبەکر عەلی)، ٣٤٢ دەنگی ئەندامانی کۆنگرەی بەدەست هێنا، ئەندامانی دەستەی باڵای چاودێریی ژمارەیان پێنج ئەندامی کارا و دوو ئەندامی یەدەگە هەر لە کۆنگرەدا متمانەیان وەرگرت، ٢٧ ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیش هەڵبژێردران، پاشتر بەرپرسی مەڵبەندەکان (کە ١٦بەرپرسبوون و پێشتر لەلایەن مەڵبەندەکانیانەوە هەڵبژێردرابوون) لە کۆنگرەدا و لە یەک لیستدا متمانەیان وەرگرتەوە و بوونە ئەندامی سەرکردایەتی، بەمشێوەیە ژمارەی ئەندامانی سەرکردایەتی بووە ٤٣. یەکگرتوو لە پەرلەمانی هەرێم پێنج کورسی ولە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقیش دوو کورسی هەیە، لە کاتێکدا لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠١٤ی عێراق چوار کورسی و لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠١٣ی کوردستان (١٠) کورسی هەبوو، بەمەش پاشەکشەی دەنگی بەڕوونی هەستپێدەکرێت.

**- جێهێشتنی میراتە نموونەییەکانی**

مۆدێلی دەرکەوتنی یەکگرتوو، هەڵبژاردنی جۆرە ئۆپۆزسیۆنێکی "خزمەتگوزاری ڕەخنەگرانە" بوو، ئەمەش بەراورد بە دۆخی کوردستان وئۆپۆزسیۆنەکانی دیکەی پاش ٢٠٠٩، پێویستبوو، بەڵام کاریگەری ئەو هێزانە یەکگرتووی لەبەردەم گوتاری خۆیدا پاسیڤکرد ورایکێشایە یاریگایەکەوە کە سەرەڕای دێرینەیی ئۆپۆزسیۆنبوونی، نەتوانی دەنگی دلێرتربێت ونە دەسپێوەگری گوتارە نەرم وبەخزمەتەکەشی بێت. ئێستا ئەگەر یەکگرتوو ئۆپۆزسیۆنێکی توندبێت ئەوپەڕی دەگاتەوە بە گۆڕانی جاران ونەوەی نوێی ئێستا، گەر بشبێتەوە بە حزبێکی دینگەرا ئەوا لەبەردەم موزایەدەکانی کۆمەڵدا ناتوانێ شانەخرێ بکات.

جیاکردنەوەی سیاسەت و بانگەواز ئەو پرسە بەردەوامەیە، هەموو کۆنگرەیەک یەخەی ئەندامانی دەگرێت و هیچ کۆنگرەیەکیش چارەسەری بنچینەیی ئەم پرسەی نەکردووە، هەرجارە سپاردوویەتی بە کۆنگرەی داهاتوو. گرفتەکە تەنها داپۆشینی پرسەکە نییە، بەڵکو لە ڕیشەناسیی کێشە و پاشەکشەی یەکگرتووشدا ئامادەگیی هەیە و بەشێک پێیانوایە ئەم ڕاڕاییە لەم پرسەدا دەستوپێی حزبەکەی لە سیاسەت و دینداریشدا بەستووە، بەجۆرێک نە دەتوانێت دیندارەکەی جاران و نە سیاسییە کارامەکەی جێخواستی لایەنگرانیشی بێت.

پرسێکیتری یەکگرتوو، هەڵواسراوییەتی لەنێوان ئومەمیبوون (کە میراتی ئیخوان و ئیسلامگەراکانی هاوڕێیەتی) لەلایەک و دەستگرتنە بە پرسە نەتەوەییەکانەوە. لە پاش ٢٠٠٣ەوە، یەکگرتوو تاڕادەیەک پشت لە میراتی ئومەمی و ڕووی لەپرسی نەتەوەیی بەسەر گوتاریدا زاڵبوو، کە هیچ هێزێکی نەتەوەیی کوردستان کێبڕکێی نەدەکرد، هێندە بەسە کە پرسی ریفراندۆمی ٢٠٠٥ و ٢٠١٧، لە پرسەکانی بەغدا وهەڵوێستی پەرلەمانتارەکانی، لە ڕەخنەگرتنی لە وڵاتانی ئیسلامی وەک تورکیا و ئێران و...تاد، وەک نموونە بهێنرێتەوە، کە زیاتر یەکگرتووی لە پابەندی ئومەمی وئیخوانی دوور کردبوویەوە، بەڵام بە مانای ڕیشەکێشکردنی "ئومەمیبوون"ەکەی نەهات، بە دیقەتدان لە هەڵوێست و لێدوانی بەرپرسانی، لە پاش ٢٠١٨ەوە و وەرینی دەنگی و کەمکردنی کورسیەکانی، جۆرێک گەڕانەوەی بۆ دوو میحوەر بەدیدەکرێت:

١.میحوەری ئیسلامگەرایی، کە لە هەڵوێستیدا لایەنگری و گەڕانەوە بۆ بنەما ئیخوانیی و ئایینیەکان هەستی پیدەکرێت، پێدەچێت هۆکاری ئەم گەڕانەوەیە بۆ ئەو دیدە بگەڕێتەوە کە پێیوایە یەکگرتوو بەهۆی دەستبەردان لە دیدی ئیسلامیی و دینی لاوازبووە و سەردەمی لوتکەی یەکگرتوو بۆ ئەو زەمەنە دەگەڕێتەوە کە وابەستەیی ئیخوانی و ئیسلامی بەهێزتربوو. تەناتەت لە دوا کۆنگرەیدا، پرسی سەربەخۆیی کوردستان کە لە دوو کۆنگری پێشوودا وەک شانازی و ئامانج بازاڕکردنی سیاسیی بۆکرا، ئەمجارە کەمڕەنگتر دەرکەوت.

٢. میحوەری وڵاتانی ئیقلیمی، یەکگرتوو بەهۆی بەرگری لە ڕیفراندۆم و پرسە نەتەوەییەکان لە بەغدا، پەیوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتانی ئێران وتورکیا، جۆرێک لە بنبەست و ساردی بەخۆیەوە دی. بەجۆرێک ئێران لە پەیوەندییەکانیدا جگەلە یەکێتی، سودی لە بەدیلەکانی کۆمەڵ وگۆڕان دەبینی، هەرچی بۆ تورکیاشە (پێشتر یەکگرتوو دۆستی یەکەمیبوو) پارتی جێگەی گرتەوە.

دیدێک پێیوایە، ئەوەی یەکگرتووی لاوازکردوە وڵاتانی ئیقلیمیین و بەهۆی هەڵویستەکانییەوە سزای دەدەن، بۆیە پاش کۆنگرەی هەشتەم ئاراستەیەک لە یەکگرتوودا گەشاوەتەوە و مەیلی ئیقلیمی بەهێزدەکات. ئەمینداری یەکگرتووی ئیسلامی خۆی لە پێشی هەموویانەوەیە و بۆ نموونە یەکەم سەرکردەی کوردبوو کە ئیدانەی کوشتنی قاسمی سولەیمانی کرد و حزبەکەشی بە تۆخی بەشداری پرسەکەی کرد.

هەرچی بەرامبەر تورکیاشە، ئەوا ڕەخنەکانی لە پێکاکا توندترن و هەڵوێستە توندەکانی سەرکردەکانی بەرامبەر تورکیا و دەوڵەتەکەی ئەکەپە کەمڕەنگ بوون.

**- دیموکراسییەتی ناوخۆیی و مەترسی بنەماڵە**

لە کۆنگرەی شەشەمی ٢٠١٢ سەڵاحەددین بەهائەددین بۆ ئەمینداریێتی خۆی کاندید نەکردەوە،

محەمەد فەرەج تا کۆنگرەی حەوتەم ئەمینداریێتی کرد، بەڵام پاش ئەوە سەڵاحەدین بەهائەددین گەڕایەوە و دوو خولی تر بە ئەمیندار هەڵبژێردرایەوە.

وازهێنانی لە ٢٠١٢دا، نەک لە ناوخۆی یەکگرتوو، لە مۆدێلی حزبایەتی کوردیدا، هەنگاوێکی ئەرێنیبوو، دەنگدانەوەی بە جۆرێک بوو ئومێدی لە دڵی دیموکراسیی حزبییدا چاند، بەڵام گەڕانەوەی دووبارەی سەڵاحەدین بەهائەدین، گورزی یەکەمبوو لەو مۆدێلە درا، گورزی دووەم خۆکاندیدکردنەوەی بوو پاش ٢٢ساڵ ئەمینداریێتی لە کۆنگرەی هەشتەمدا، کە بە دەنگێکی کەمتر لەجاران دەرچۆوە، یەکگرتووەکان پێش هەمووکەس نیگەرانتربوون لەم پرسە، بەڵام هاوپیمانێتی پاسەوانە کۆنەکانی حزب، هەلی دایەوە بە ناوبراو تا دەربچێتەوە.

سەرمایەی ئێستای یەکگرتوو، ڕێکخستن و بانگەواز و بەڕیوەبردنی داراییەکەیەتی، هەردووکیان لەدەست خزمە نزیکەکانی ئەمینداری گشتیدان، گریمانەی تەشەنەی کولتووری بنەماڵەگەرایی ئەگەرێکی زیندووی بەردەم ئایندەی یەکگرتووە.

- **سیناریۆکانی ئایندە**

لەسەر بنەمای ئەو دیدگا جیاوازانەی لە یەکگرتوودا هەن، گریمانەی ئەم سیناریۆیانە دەکرێت:

یەکەم: زاڵبوونەوەی گوتاری ئیسلامگەرایی-ئیخوانی وهەوڵدان بۆ پێکهێنانی بەرەیەکی ئیسلامی، کە ئەگەری سەرکەوتنی بەهێز نییە و دووجار تاقیکردنەوەی شکستخواردووی هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا لەسەر پەیوەندییەکانی کۆمەڵی ئیسلامی ویەکگرتوو وەستاوە ورەنگە هەوڵەکان بەو ئاراستەیە ببوژێنەوە.

دووەم: گەڕانەوە بۆ مۆدێلی بەشداری حکومەت (وەک ٢٠٠٦-٢٠٠٩ و٢٠١٣-٢٠١٨). کە ئەمە لە دوورمەودادا نزیکترە وئەگەری بەهێزی هەیە، لەمەشدا دەتوانێ هەم کێشەی دارایی چارەبکات و ڕێگەی سفرکردنەوەی کێشەکانی لەگەڵ پارتی-یەکێتی و وڵاتانی ئیقلیمی بگرێتەبەر. ئارگیۆمێنتی ئەم سیناریۆیە ئەوەیە کە کشانەوەی یەکگرتوو لەبەر بەشداری حکومەت نییە، گەرنا بۆچی گۆڕان نیوەی دەنگی کەمیکرد؟

سێیەم: گەڕانەوە بۆ ئۆپۆزسیۆنێکی خزمەتگوزار، بەڵام بە وردبوونەوە لە دۆخی ئێستای، لاوازبوونی پێگەی ئیخوان لە وڵاتانی کەنداو بۆ باربووی پرۆژەکانی، دۆخی ناجێگیری هەرێم و بەغدا ڕێگەی ئۆپۆزسیۆنێکی لەمجۆرە سەختتر دەکەن

## About the: Centre for Future Studies

A Non-Governmental Centre For Academic Research in the Public Interest.

**Aims and objectives:**

1. To promote expertise and support research activities in politics and international relations with a particular focus on the future of strategy and public and foreign policies.
2. To contribute to the development and improvement of the philosophy of scientific research in Iraqi Kurdistan.
3. To offer the governing institutions of the KRG (KRG) professional and expert advice.
4. To offer professional and expert advice to the private sector and non-governmental organizations operating in Iraqi Kurdistan.
5. To contribute to the improvement of the learning program in the field of the center's expertise.
6. To hold scientific conferences and seminars on current and future domestic and international political and strategic issues.
7. To coordinate with governmental and non-governmental centers for scientific research in and outside Iraqi Kurdistan with the aim of exchanging ideas and expertise.
8. To follow up and measure directions of, and trends in, the public opinion in Iraqi Kurdistan, particularly on those issues that are crucial to the stability and prosperity of the region.
9. To train and prepare researchers in the center's area of expertise.
10. To address the region's strategic issues that have not yet been approached from an academic and scientific standpoint.

**Activities:**

1. To carry out and publish scientific research.
2. To hold regular conferences, seminars and talks on current and future domestic, regional, and international political and security issues.
3. In addition to policy papers, analytical reports, and books, the center publishes a scientific journal that mainly deals with the future of domestic, regional, and international strategic and security issues.
4. To conduct interviews and interact with public and private media.
5. To translate and publish books and journal articles from English (and other foreign languages) to Arabic and Kurdish on the topics of the center's expertise.
6. To carry out opinion polls on various domestic political issues in Iraqi Kurdistan.
7. To gather data and publish analysis on various issues connected with public policy in Iraqi Kurdistan.

## حول: مركز الدراسات المستقبلية

مركز غير حكومي تأسس لإجراء دراسات علمية بغرض تحقيق المصلحة العامة.

**أهداف المركز:**

١. دعم عملية البحث العلمي وتشجيع المختصين والباحثين لأجراء البحوث في المجالات المتعلقة بالدراسات المستقبلية والسياسة العامة والاستراتيجية والشؤون الخارجية.

٢. المساهمة في انماء فلسفة البحث العلمي وتطويرها في اقليم كوردستان.

٣. تقديم استشارات علمية والخبرة البحثية للمؤسسات الحكومية في اقليم كوردستان.

٤. تقديم استشارات علمية والخبرة البحثية للقطاع الخاص والمؤسسات غير الحكومية في اقليم كوردستان.

٥. المساهمة في تطوير المناهج الدراسية في المجالات المتعلقة بإختصاصات المركز.

٦. تنظيم مؤتمرات وندوات علمية لدعم عملية البحث العلمي وتعزيزها.

٧. التنسيق مع المراكز الحكومية وغير الحكومية المعنية بالبحث العلمي داخل اقليم كوردستان وخارجه، بهدف تبادل الخبرات العلمية معها.

٨. متابعة إتجاهات الرأي العام وقياسها حول القضايا التي تجذب اهتمام المواطنين وتؤثر في مصالحهم.

٩. اعداد الباحثين وتأهيلهم في المجالات التي تختص بها المركز.

١٠. العمل على دراسة القضايا الاستراتيجية في اقليم كوردستان التي لم تدرس وفق المعايير العلمية.

**نشاطات المركز:**

١. اجراء البحث العلمي و نشره.

٢. تنظيم المؤتمرات والندوات العلمية.

٣. نشر الكتب و الدراسات العلمية المتعلقة باختصاصات المركز.

٤. اصدار مجلة علمية محكمة.

٥. التواصل مع قنوات الاعلام المعنية باهتمامات المركز واجراء الاستفتاءات العلمية لقياس اتجاهات الرأي العام.

٦. ترجمة الكتب و الدراسات العلمية الاجنبية المتعلقة باختصاص المركز ونشرها.

٧. رصد المعلومات والبيانات في جميع مجالات السياسة العامة في اقليم كوردستان وتحليلها ونشرها.

سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئاییندەیی
مركز الدراسات المستقبلية
Center For Future Studies

Futuristic Readings No.2

# The Intractable Issues of the Kurdistan Region and the Future for its reform

## Coronavirus and Health Security, Conferences and Internal Democracy in Political Parties

# القضايا المستعصية في اقليم كوردستان و مستقبل إصلاحها

## فيروس كورونا والامن الصحي، المؤتمرات والديمقراطية الداخلية فى الأحزاب السياسية

March 2020

www.centerfs.org